شەمزین جیهانی : بە ئەرکی خۆمی دەزانم کە وەک هاوڵاتیەکی کوردستانی ، بۆ پشتوانی کردن لە مانگرتنی زیندانیانی سیاسی کورد ، مان لە خواردن بگرم و شەریکی هاواری ئازادی خوازانەی زیندانیانی سیاسی نەتەوەکەم بم .

مەبەستی من لە بەشدار بوونم لەو مانگرتنەدا ، نە بۆ پشتوانی کردن لە ئامانجی هیچ حیزبێکە و نە بۆ پرۆپاگەندە کردن بۆ هیچ ئیدیۆلۆژی و حیزبێکی تایبەتە ، بەڵکوو مەبەستم بێ ئەولا و ئەولا ، پشتوانی کردن لە مانگرتوانی سیاسی کورد لە زیندانەکانی کۆماری ئاخوندپەروەی ئێرانە و هەروەها هاورێ بوونم لە گەڵ پرسی سیاسی نەتەوەی کورد و دۆزی وڵاتەکەم کوردستانە.

بەم هۆیەوە لە 04.10.2008 را ، لە گەڵ کۆمەڵێک لە کوردانی ئازادیخوازی دانیشتوی وڵاتی بێلژیک ، بە ماوەی 8 رۆژ هەڵدەستین بە چالاکی مانگرتن لە خواردن کە دیارە لە ناویاندا بێ گومان ئەم کوردانە پێکهاتەیەک دەبن هەم لە کەسایەتیەکانی حیزبە جیاوازەکانی کوردی و هەم کەسایەتیە مەدەنی و سەربەخۆکانیش .